REWAN

ڕێوان

رۆژنامەیەکی روناکبیری سەربەخۆیە
سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێ دەریدەکات

١٦ی کانونی یەکەم ٢٠٠٦ | ژمارە (١٣٩) ساڵی شەشەم | نرخی (٢٥٠) دینارە

An Independent Cultural Newspaper Published Twice a month by Women's Media and Education Center

لەرۆژی دایکی کورددا کە دەکەوێتە ١٢/١٧ پیرۆزبایی گەرمی ڕێوان ئاڕاستەی هەموو دایکانو ئەو ژنانەش کە بەنیازن ببن بەدایک دەکەینو بۆ ڕێزلێنانی دایکیش ڕێوان لاپەڕەیەکی تایبەت دەکاتو شاعیران دەدوێنێتو شیعرەکانیشیان دەکاتە چەپکێ گوڵی سۆزو وەفا بۆ هەموو دایکان. ل٣

# پاش هەوڵی بنەماڵەی کوژراوەکە بکوژی شنۆ دەستگیر دەکرێت



شنۆ لە نەخۆشخانە

پاش هەوڵی بنەماڵەی (شنۆ حەمە عەلی) بۆ دەرخستنی ڕاستی ڕووداوی کوشتنی کچەکەیان، کە پێشتر سەرداری هاوسەری شنۆیان بە کوشتنی تۆمەتبار کردبوو، بڕیارێك کە ئیمزای سێ دادوەری لەسەر بوو سەردار دەسگیر دەکرێت.

سەرچاوەیەکی یاسایی ئاشکرای کرد کە ڕۆژی ٢٠٠٦/١١/٦ بڕیارێك دەرچووەو بە ئیمزای سێ دادوەرو بەپێی بڕیارەکە سەردار دەستگیرکراوەو تا ڕۆژی دادگاییکردن. کەسێك لە بنەماڵەی شنۆ بە ڕێوانی ڕاگەیاند "ئەو ماڵە گەر خۆیان دوای ئەو کێشەیە نەکەوتنایە هیچیان بۆ نەدەکراو خوێنی کچەکەشیان بەفیڕۆ دەڕۆیشت".

شنۆ حەمە عەلی دانیشتوی سلێمانیو هاوسەری سەرداری کارمەندی ئاسایش بوو، لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٥ بە بریندار گەیەنرایە نەخۆشخانەو پاش مانەوەی بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ بەبێ ئەوەی بتوانێت قسە بکات گیان لەدەست دەدات.

کەسوکاری سەردار لە ئیفادەکەیاندا نوسیویانە کە شنۆ خۆی خۆی کوشتووە، بەڵام کەسوکاری شنۆ دڵنیان لەوەی کە لەلایەن هاوسەرەکەیەوە کوژراوەو دەشیسەلمێنن کە زۆربەی بەڵگەکانی ئەو تاوانە فەوتێنراون تەنانەت شوێنی ڕووداوەکەش شۆردراوە تا گەیشتنی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە.

لەم بارەیەوە برایەکی شنۆ وتی "ئێمە دڵنیاین بەڵگەکان دەستکاری کراونو ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/١٤ ئەو دەمانچەیەی شنۆی پێکوژراوە نێردراوە بۆ هەولێر بە مەبەستی دەستنیشانکردنی جێپەنجە".

هەر لەم بارەیەوە پێشتر بنەماڵەی شنۆ ڕوونکردنەوەیەکیان ئاڕاستەی ڕای گشتی کردووە کە لەژمارەی (١٣٥)ی ڕۆژنامەی ڕێوان بڵاوکراوەتەوەو تیایدا هاتووە (پێش هەموو شتێك برا گەورەکەیان واتە برای سەردار سنوری بەزاندووەو لەبنکەی پۆلیسی ئازادیەوە هاتووە بەبێ ئاگاداری بنکەی پۆلیسی سەرا، لەسەر ئەم ڕووداوە خۆی تەسەروفی کردووەو ماڵەکەی پاك کردۆتەوە، ئەم ئافرەتەیان داناوە تاکو بمرێتو ئیفادە نەدا، وەك دەرکوتووە زیاتر لەماوەی ٢ کاتژمێر لەماڵەوە دانراوە، تەنانەت پزیشکێکی ناسراوی خۆیان هاتووەتە سەری کە بۆیان دەرکەوتووە نامێنێت بردویانە بۆ نەخۆشخانە).

## لەسەید سادق دو پارلەمانتاری ژن روبەروی توندوتیژی دەبنەوە



گرتەیەک لە کۆڕەکە

لەسەر بانگهێشتی ماڵی گەنجان کوێستان عەبدوڵاو سارا فەقێ خدر، ئەندامانی پارلەمانی کوردستان کۆڕێکیان سەبارەت بەتوندوتیژی دژ بە ژنان ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/١٤ لەسەیدسادق بەڕێوەبرد.

سارا فەقێ خدر کە باسەکەی تایبەت بو بەخۆسوتاندنی ژنان بەڕێوانی ووت"مەبەستم بوو تێشکێك بخەمە سەر بڕیارێك کە کابینەی پێش ئێمە گەلاڵەیان کردوە جێبەجێ نەکراوەو ئێمە داوامان کردوە جێبەجێ بکرێت کە هۆکارێکە بۆ کەم کردنەوەی خۆسوتاندنی ژنان" کوێستان عبداللە ش بە ڕێوانی ووت"پێم وایە کاتێك ئاین و توندوتیژیم باس کرد ئەمە بوە هۆی ئەوەی کە هەندێك لە گەنجەکان ویستیان موداخەلەی توند بکەن و کۆڕەکە بە ئاڕاستەیەکی تردا ببەن".

**لەلاپەرە (٥) راپۆرتێک دەخوێنیتەوە.**

## لە ماوەی دە رۆژدا لە شارۆچکەی قەڵادزێ ژنێکو دوو کچ دیار نامێنن

لە ماوەی دە ڕۆژدا لە شارۆچکەی قەڵادزێ ژنێكو دوو کچ دیار نامێننو لیژنەی کۆمەڵایەتی قەڵادزێش لە ڕێگای سوڵحی عەشایەرییەوە هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەیەکیان دەدات.

بە پێی هەواڵێکی سایتی ئاوێنە: لە ماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا لە شارۆچکەی قەڵادزێ ژنێكو دوو کچ کە یەکێك لە کچەکان شوویکردووەو دەزگیرانەکەی لە ئەوروپایە، بەرەو شوێنی نادیار ڕۆیشتوون.

ئەندامی کارگێڕی لیژنەی کۆمەڵایەتی قەڵادزێ، نوری حەمە سەعید جەختی لە هەواڵەکە کردەوەو بە ئاوێنەی ڕاگەیاندوە کە ئەوان تا ئێستا کێشەی ئەو کچەیان بۆ هاتووە کە شوویکردووەو وتی: "ئەو کچە لەگەڵ مامۆستایەکدا ڕۆیشتووەو نزیکەی هەشتا مسقاڵ ئاڵتوونیشی لەگەڵ خۆی بردووە".

هەورەها وتیشی: "ئێمە ئێستا لە هەوڵی ئەوەداین لە ڕێگای سوڵحی عەشایەرییەوە کێشەکە چارەسەر بکەین". نوری زیاتر دوا: "ماڵی باوکی کچەکە پەیوەندییان پێوەکردونو وتویانە ئاڵتونەکان بۆ دەزگیرانەکەی دەنێرینەوەو کێشەکە بە سوڵحی عەشایەری چارەسەر دەکەین".

سەبارەت بەکچەکەی تر نوری وتی: "ماڵی باوکی ئەو کچە تا ئێستا پەیوەندییان پێوە نەکردوین".

بەپێی زانیارییەکانیش هەر لەو ماوەیەدا ژنێکی خاوەن منداڵێش دیار نەماوەو بەرەو شوێنێکی نادیار ڕۆیشتووە.

## بەهۆی نەپۆشینی سەری شەهێن خۆی دەکوژێت

بەبیانوی ئەوەی سەری نەپۆشیوە، براکەی لێیدەدات، شەهێن کە لەدایك بووی (١٩٩٠)و شەش مانگە شوی کردووەو پاش ئەو لێدانەی براکەی خۆی دەکوژێت.

ڕۆژی ٢٠٠٦/١٢/١٤ لەرانیە ژنێك بەناوی شەهێن لەسەردانێکی بۆ ماڵی باوکی، لەگەڵ براکەی لێیان دەبێت بەشەڕ بەبیانوی ئەوەی سەرپۆشی نەپۆشیوە، براکەی لێی توڕە دەبێتو لێیدەدات دەرەنجام شەهێن خۆی دەکوژێت.

سەرچاوەیەك لەرانیەوە بە ڕێوانی ڕاگەیاند ڕۆژی روداوەکە شەهێن لەماڵی باوکی دەبێت، وەکو هەموو جارێك بەسەردان ڕۆیشتووە، چونکە هاوسەرەکەی پێشمەرگەیەو لەبەغدایە، چیتر لەتوانایدا نەبووە سوکایەتی براکەی قبوڵ بکات، هەر بۆیە خۆی کوشتووە.

## ژنە شێخێک بۆ پاراستنی خۆی تەقە لە دوو پیاو دەکات

دو کوڕی گەنج کە یەکێکیان پۆستێکی حزبی دیاری هەیە لەناوچەکە لە ناوەراستی ئەم مانگەدا دەچنە سەر ماڵی شێخێکی ناوداری تەوێڵەو ئەوە بەهەل دەزانن کە شێخەکە خۆی لەوێ نابێتو یەکێکیان دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر ژنەکەو ئەویش بەرەنگاریان دەبێتەوەو تەقەیان لێدەکات و راویان دەنێت و دوکورەکە پاش خۆیان بە ناچاری سەیارەکە بە جێدەهێڵن. سەرچاوەیەك لەناوچەکەوە کە نەیویست خۆی ئاشکرا بکات بە ڕێوانی راگەیاند "ئەو دوو کوڕە چەند جارێك بە مەبەستی سوکایەتی کردن بە ژنی شێخ هەڵدەکوتنە سەریان و هەلی ئەوە دەقۆزنەوە کە پیاوانی بنەماڵەی شێخ لەوێ نابن ، ڕۆژی روداوەکەش ژنی شێخ لێیان هاتۆتە دەست و تەقەی لێکردون "سەرچاوەکە ئەوەشی وت کە ژنی شێخ بۆ پاراستنی ناوبانگی بنەماڵەکە سکاڵای تۆمارنەکردووەو لەو روداوەدا سەیارەی ئەو کوڕە چەند فیشەکێکی بەرکەوتووەو ئێستا لە دەزگایەکی ناوچەکەیەو هەردوو کوڕەکەش دەستگیر کراون".